Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# زانیاری ناڕاست و چەواشە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لە هــەرێمــی کوردستـــان


**توێژەران:**

ئارام سەعید، د. هەژان خالد


**کانوونی یەکەم ٢٠٢٥**


Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

## بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆری بڵاوکراوە :**
پەڕاوی سیاسەت

**بابەت :**
ڕاگەیاندن و هەڵبژاردن

**توێژەر:**
ئارام سەعید
د. هەژان خالد

### بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

### تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# زانیاری ناڕاست و چەواشە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لە هەرێمی کوردستان

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە دیاردەی بڵاوبونەوەی زانیاری ناراست و چەواشە و کاریگەری لەسەر هەلمەتی هەڵبژاردن دەکات لەهەرێمی کوردستان، لێکۆلینەوەکە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی راپرسیەک کاردەکات کەلەگەل کاندیدان و ئەندامانی پارلەمانی پێشوو کراوە. کە تیشک دەخاتە سەر بڵاوبونەوەی زانیاری چەواشە و کاریگەری لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەی نوخبەی سیاسی لەگەل ئامرازەکانی دونیای دیجیتاڵ و سۆشیاڵ میدیا، هەروەها ئەو ئاڵنگاریانە دەخاتە ڕوو کە ڕووبەڕوی نەزاهەتی هەڵبژاردن دەبنەوە لەسەردەمی دیجیتاڵیدا. بەگوێرەی دەرئەنجامەکان ٩٤٪ ی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە پێیان وایە زانیاری چەواشە کاردەکاتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ئەمەش ترسناکیی ئەو دیاردەیەمان بۆ دەردەخات. لەبەشێکی تری توێژینەوەکە دەردەکەویت کە ستراتیجێکی تیکەڵاو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنریت چونکە ٤٤٪ لەکاندیدەکان دەڵین هەندێک جار سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنن و لەکاتێکدا ٤٢٪ دەڵین کەبە بەردەوامی بەکاری دەهێنن ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ قۆناغێکی ڕاگوزەر لە شیوازی تەقلیدیەوە بۆ شیوازی نوێی دیجیتاڵی.

خاڵیکی تر ئەوەیە کە دەریدەخات پلاتفۆرمی فەیسبوک زاڵە بەسەر سەرجەم پلاتفۆرمەکانی تردا، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا کە ڕێژەکەیان ٨٤٪ و لەکاتێکدا پشتگوێ خستنی بەرچاو هەیە بۆ یوتیوب و تیکتۆک کەئەمەش بۆشاییەکی ستراتیجیە بۆ ئامانجگرتنی گەنجان. زۆربەی بەشداربوانی راپرسیەکە پێیان وایە پارتە ڕکابەرەکان سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناراست و چەواشەن. بە گشتی شیکاری لەدیمەنی سیاسی ئێستا دەکات، کە هەرێمی کوردستان کە روبەروی دوو ئاڵنگاری دەبێتەوە، یەکێکیان رۆیشتن بەهاوشانی لەگەل پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆجیا خاوە و دوەمیان رووبەروبونەوەی کاریگەریە نەرێنیەکانی زانیاری چەواشەیە کە پێویستی بە دانانی ستراتیجێکی نوێ هەیە بۆ زامنکردنی نەزاهەتی هەلبژاردن و پتەوکردنی متمانەی گشتی بەپرۆسەی هەڵبژاردن، کەلەکۆتاییدا ڕاسپاردەکان ئاماژەی پێکراوە.

## دەستپێک

زانین هێزە، کەواتە لە ڕێگەی زانینەوە دەتوانرێت خەڵک هەڵبخەڵەتێنرێت، تەنانەت کۆنترۆڵیش بکرێت، مەسەلەی چەواشە زۆر کۆنە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ڕۆژانە دەبینین هەواڵی مردنی ناودارێک بڵاودەکرێتەوە و دواتر دەردەکەوێت ڕاست نییە، یان ڕووداوێک ڕوودەدات و ناوەڕۆکەکەی دەگۆڕێت، یان نوکتە و گاڵتەپێکردن بەرامبەر کەسێتییەکان بەکاردەهێنرێت یان لۆگۆی میدیایەک تەزویر دەکرێت و درۆی بەناوەوە دەکرێت. جۆرەکان زۆرن، لەم توێژینەوەیەدا باسی ئەم دیاردەیە دەکەین لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناراست وزانیاری چەواشە و ناڕاست لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا هەڕەشەیەکی جدییە لەسەر نەزاهەتی هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسی، بەتایبەتی ئێمە لە سەردەمێکدایین پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا تەواوی زانیارییەکانیان کۆنترۆڵ کردوە کە گرنگترینیان فەیسبووکە و خاوەنی زۆرترین بەکارهێنەرە. لەهەمان کاتدا پارتە سیاسییەکان لە پێشبڕکێکانیاندا پەرە بە بڵاوکردنەوە وگرنگیدان بە زانیاری ناڕاست و چەواشە دەدەن.

ژاک دریدا (١٩٣٠ - ٢٠٠٤) فەیلەسوفی فەڕەنسی پێی وایە "درۆ هەڵەیەک نییە بکرێت بەڵکو کردەیەکی بە ئەنقەستە و لە پشتیەوە نیەتی گۆڕینی تێڕوانینی ئەوانی تر هەیە"[١]، ئەم بۆچوونە لەگەڵ هەڵمەتی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا دەگونجێت کە چەواشەکردن بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی ڕای دەنگدەر و دروستکردنی بۆچونێکی جیاواز لای دەنگدەران.

هەڵبژاردن پشت دەبەستێت بە هۆشیاری دەنگدەران. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەردەمی دیجیتاڵیدا ئەگەری بڵاوبوونەوەی خێرای هەواڵ وزانیاری چەواشە زۆرە و بەفراوانی بڵاودەبێتەوە کە ئەمەش کاردەکاتە سەر هۆشیاری و بڕیاری دەنگدەران. متمانەیان بە دامەزراوەکان لەق دەکات وهەڵسوکەوتیان دەگۆڕێت.

کاریگەری ئەو سەکۆیانەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا هەیە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەند هەواڵێکی ناڕاستەوە. بۆ نموونە لە میدیای ئەمریکیدا باس دەکرێت کاری کردۆتە سەر هەڵبژاردنی ٢٠١٦ی وڵاتەکە لە بەرژەوەندی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئێستا[٢]، یان ڕیفراندۆمی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا.[٣]

سۆشیاڵ میدیا لە پاڵ ئەو شۆڕش و بزووتنەوە گەورانەوە کە هەموو کەس پێی وابوو ئیتر دەبێتە مینبەریک بۆ ئازادی و هۆشیارکردنەوە، بەڵام دەسەڵاتداران و زلهێزەکانی دونیا بەکاری دەهێنن بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کۆمپانیای فەیسبووک خۆی دانی نا بەوەدا کە لە پێش هەڵبژاردنی ئەمریکا و دوای هەڵبژاردن ڕەنگە ١٤٦ ملیۆن بەشداربووی ئەمریکی لە فەیسبووک زانیاری نادروستیان پێ گەیشتبێت ،جگە لەوەی تویتەر و یووتیوب بەهەمان شێوە دانیان بەوەدا نا کە چەند کاریگەری ڕووسییەکان هەبووە لە نێوان مانگی کانونی دووەم تا ئابی ٢٠١٥ لەو تۆڕە گرنگانەدا [٤]

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست وکاریگەری لەسەر متمانەی گشتی و بڕیارەکان. دواتر لەسەر بنەمای داتاکان پێشنیازی کرداریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بۆ لایەنی بەرپرسیار دەخاتەڕوو.

زانیاری چەواشەکار لە ڕووی بەکارهێنانەوە وەک ستراتیج لەمێژە ڕەگی داکوتاوە، بەڵام لە چەرخی دیجیتاڵی و دروستبوونی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا و سەردەمی زیرەکی دەستکردا، مەترسییەکانی زیاتر و خێراتر بوون.
تا ئەو ڕادەیەی لە ئێستادا هەم لە بواری لێکۆڵینەوەی میدیایدا وەک بوارێکی توێژینەوەی سەربەخۆ کاری لەسەر دەکرێت، هەم لە پراکتیکدا، زۆرێک لە رێکخراوەکان، داڕێژەرانی سیاسەت و حکومەتەکان، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەوڵیانداوە بەڕێگەی جۆراوجۆر، وەک داڕشتنی سیاسەت و یاسای تایبەت بۆ ڕێکخستنی فەزای زانیارییەکان و گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری. جگە لە ڕێکخستنی بوارەکە، بەشێک لە چالاکوانان و ڕێکخراوەکان بە ئاڕاستەی جیاواز کاریان کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە چۆنێتی ناسینەوە و جیاکردنەوەی زانیاری چەوت و ڕاست.

یەکێک لە دەستپێشخەرییە دیارەکان دامەزراندنی ماڵپەڕی (First Draft) بووە لەلایەن هەندێک لە سکۆڵەرانی بوارەکە لە ساڵی ٢٠١٦دا. ماڵپەڕەکە بەوردی کاری لەسەر جیاکردنەوە و ناساندنی چەمکەکانی پەیوەست بەم بوارە کردووە و تێکچوونی زانیارییەکان (Information Disorder)ی وەک چەمکی چەتر بەکارهێناوە، کە ئامانجی بڵاوکردنەوە و بازرگانیکردن بە زانیاری ناڕاستە بەمەبەست، یاخود بێ مەبەست بۆ زیانگەیاندن بە کەسێک، گروپێک یان دامەزراوەیەک. بە سەرنجدان لە توێژینەوەکان چەند چەمکێکی دیکە دێنە بەرچاو، کە گرنگە لێرەدا بخرێنەڕوو، ئەوانیش: (First Draft, 2016) [0]

-زانیاری ناڕاست (Misinformation): هەر زانیارییەکە کە بێ مەبەست بڵاودەکرێتەوە و ئەگەری هەیە زیان بە کەسێک یان لایەنێک بگەیەنێت.

-زانیاری چەواشەکار(Disinformation): بە مەبەستی لەکەدارکردنی ناوبانگی تاک، گروپ، بزووتنەوە، لایەنێکی دیاریکراو بڵاودەکرێنەوە.

-زانیاری خراپ(MalInformation) : بە پیلان و بەمەبەستە و بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی تاک، گروپ، بزووتنەوە، لایەنێکی دیاریکراو بڵاودەکرێنەوە، ڕەنگە قازانجی سیاسی و ئابووریيان لە پشت بێت.

-هەواڵی ناڕاست (Fake News): چیرۆکێکی هەڵەیە و وا پیشان دەدرێت کە هەواڵە، لەسەر ئینتەرنێت یان هەر جۆرێکی تری میدیا بڵاودەبێتەوە. بەگشتی ئامانجی بریتییە لە دروستکردنی کاریگەری. ناوەڕۆکی دروستکراو، قۆرخکراو و بۆچوونی سیاسی و نوکتە لەخۆدەگرێت .

## گرنگی توێژینەوە

ئەم تویژینەوەیە یەکێکە لەو دەستپێشخەریە دەگمەنانەی کە لەئەنجامی ئەزمون و تیگەیشتنی پسپۆڕان و راپرسی لەگەل بەرکەوتە گرنگەکانی هەلمەتی هەلبژاردن کەکاندیدەکانن هاتۆتە بەرهەم. ئەم تویژینەوەیە زانیاری پشتراستکراوەی خستۆتە روو لەسەر چۆنیەتی چەواشەکاری لەکاتی هەلمەتی هەڵبژاردندا و بونیادنانی ستراتیجێکی کاریگەر بۆ رووبەروبونەوەی.

دەرئەنجامەکان نەخشەریگایەکە بۆ بریاربەدەستان و کۆمەلی مەدەنی و کۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان بەشیوەیەک زامنی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد بێت و متمانە بەپرۆسەکە بدات.

## میتۆدۆلۆژی

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە دوو ڕێگای سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا وشیکردنەوەی دیاردەی زانیاریی چەواشە وناڕاست لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا کە ئامانجی بریتییە لە توێژینەوە لە تێکچوونی زانیارییەکان لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا. لە ڕێگەی ئەنجامدانی دوو فوکەس گروپ (٢٠٢٥/٧/٢٨ - ٢٠٢٥/٨/٢٤) لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وڕێکخراوی مێترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان، پسپۆڕانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسان و ئەکادیمیستان، نوێنەری دامەزراوە ئەمنی و یاساییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە تیایدا باس لەم خاڵانە کراوە:

١. شیکردنەوەی هۆکار ودەرئەنجامەکانی بڵاوبوونەوەی زانیاریی چەواشە

٢. دیاریکردنی سەرچاوە وجۆرەکانی زانیاریی چەواشە

٣. تاوتوێکردنی ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوە

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لەگەڵ ٥٠ کەس لە کاندید و پەرلەمانتارانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و عێراق. ئامانج لەم ڕاپرسییە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی داتای چەندایەتی (Quantitative) لەسەر:

١. ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا

٢. ئەزموونی ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاریی چەواشە

٣. ڕێگاکانی وەڵامدانەوە

## شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی راپرسیەکەو راو سەرنجی بەشداربوانی فۆکەس گروپەکانی دامەزراوەی ڤیژن:

سەبارەت بەڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی چەواشە و ناڕاست سەلام عومەر، ڕاهێنەری بواری میدیایی و ڕۆژنامەنووس لە فۆکەس گروپی دووەمی ڤیژن [٦]، ئاماژەی بە پێنج هەنگاوی دۆیچە ڤێلێ ئەکادیمی کرد کە بریتین لەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١. پێویستە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری هەبێت و هەموو کەس بە ئاسانی دەستی بگاتە زانیارییەکان.

٢. ئەگەر هاوڵاتی زانیاری لا هەبێت توانای شیکردنەوەی بۆ زانیارییەکان بەهێز دەبێت.

٣. ئەوکاتەی زانیاری لابوو و توانای شیکردنەوەی هەبوو دەتوانێت چیرۆک دروست بکات و لە ڕاستییەکان بکۆڵێتەوە.

٤. ئەگەر چیرۆکی دروستکرد و شیکردنەوەی هەبوو ئەوکات ڕەنگدانەوەی لەسەر واقیع دەبێت.

٥. ئەگەر توانی چیرۆک دروست بکات و شیکردنەوەی هەبێت، کاری لەسەر واقیعی دەبێت و دەتوانێ بڕیاری دروست بدات و هەڵوێستی خۆی هەبێت. [٦]

### ١. ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی سۆشیال میدیا لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن

بەپێی ڕاپرسییەکی (دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، سەبارەت بە پرسیاری ئەوەی تا چ ڕادەیەک سۆشیال میدیایان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێناوە کە لەنێوان (٥٠) کاندید و پەرلەمانتاری خولەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق ئەنجامدراوە، زۆرینە بە ڕێژەی ٤٤٪ بژاردەی (هەندێکجار) و بە نزیکی لەوە ڕێژەیە ٤٢٪ بژاردەی (بەردەوام)یان دیاریکردوە و کەمترین کاندید بە ڕێژەی ١٤٪ ئاماژەیان بەوە داوە (بەدەگمەن).


بەگوێرەی ئەم دەرئەنجامە ٤٤٪ ئەوانەی کە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بەڵام زۆر پشتی پێ نابەستن و زیاتر خەریکی سەردانی کۆمەڵایەتی و پشتبەستنن بە حزبەکانیان بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکانیان، ئەمان هەرچەندە گرنگی سۆشیال میدیا دەزانن بەڵام هێشتا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بڕیاری حزبەکانیان بەلاوە گرنگترە کە ئاڕاستەی لایەنگرانیان دەکەن بۆ دەنگدان بە کاندیدەکان.

ئەم دەرئەنجامە دەریدەخات دیمەنی سیاسی لەقۆناغیکی راگوزەردایە و میتۆدێکی یەکرتوو روون نیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن کاندیدانەوە جونکە ئەوانەی بەردەوام بەکاریدەهێنن ٤٢٪ نزیکن لەوانەوە کەهەندێک جار بەکاریدەهێنن ٤٤٪ .

کاندیدەکان پێیان وایە لەگەڵ بونی بەردەوامیان لە سۆشیاڵ میدیا ئەولەویەت دەدەن بەشیوازی تایبەتی خۆیان کە سەردانی کۆمەلایەتی و شەخسیە جگە لەپشت بەستنیان بە هەیکەلی حزبەکانیان لە هاوکاریاندا بۆ دەرجون لە هەلبژاردندا. ئەو ١٤٪ یەی کە بەدەگمەن سەردانی سۆشیال میدیا دەکەن تائیستاش بروایان بەرێگای ستراتیژە تەقلیدیەکە هەیە .بەگشتی هێشتا جیهانی دیجیتاڵی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی هەڵمەتی کاندیدەکانی نەکردوە.

## گرافی ١

ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن کاندیدانەوە



**٢.ڕێژەی جیاوازی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان بۆ بانگەشە**


بەپێی هەمان ڕاپرسی پلاتفۆڕمی (فەیسبووک) لەنێو بەربژێراندا زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە ٨٤٪ ، هیچ کاندیدێکیش پلاتفۆڕمی (یووتیوب)ی بەکارنەهێناوە. جێگەی سەرنجە لەگەڵ ئەوەی پلاتفۆڕمی (تیکتۆک) ناسراوە بەوەی پلاتفۆرمێکی گەنجانە و زۆرترین لە بەکارهێنەرەکانی تەمەنیان لە نێوان ١٦ بۆ ٢٤ دایە، کە توێژێکن هەم ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان پێکدەهێنن و هەم پلاتفۆڕمەکە کاریگەری زۆری لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامەکان دەبێت، بەڵام جێگەی سەرنجە بە ڕێژەی ٦٪ کاندیدەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا گرنگیان پێداوە.

بەگویرەی ئەم دەرئەنجامانە لەناو کاندیدەکاندا فەیسبوک روبەرێکی بەرفراوانی وەرگرتوە ٨٤٪ ، وەک ئامرازێکی گرنگ لێی دەروانن بۆ گەیشتن بە دەنگدەرانیان بەڵام بەکارنەهێنانی یوتیوب ئاماژەیەکە بۆ تێنەگەیشتنێکی ستراتیژی لە یوتیوب کە دەکریت وەبەرهێنانی گەورەی تیابکریت بۆ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی کوالیتی بەرز و ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کاندیدان پێیان وایە لە فەیسبوک زیاتر ڤیدیۆکانیان بینینی دەبێت و کاریگەری راستەوخۆی دەبێت.

پشتگوی خستنی تیک توک ٦٪ کە بنکەی فراوانی لەلای تەمەنەکانی ١٦ بۆ ٢٤ هەیە هەلەیەکی ستراتیژیە و ڕەنگە بەشیک لەکاندیدان هێشتا لە گرنگی ئەو پلاتفۆرمە باش تێنەگەیشتبن کەبۆ ئایندەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوش کاریگەری دەبێت.

**گرافی ٢**

ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن کاندیدانەوە



### ٣. کاریگەری زانیاری ناڕاست و چەواشە لەسەر ئەنجامەکان

٩٤٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەمان دەڵێن کە زانیاری چەواشە کاردەکاتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و لاوازی چاودێری دامەزراوەیی و نەبوونی هەماهەنگی لە وەڵامدانەوەی چەواشەکارییەکان زیاتر دەرگای واڵاکردووە بۆ بەردەوامیدان بە شێواندنی ڕای گشتی، لەبەرئەوە گرنگە لە سایەی لێشاوی زانیاری سۆشیال میدیادا هاوسەنگییەک دروستبکرێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەواشە بەشێوەیەک کە کارنەکاتە سەر ئازادی ڕادەربڕین.

ئەم ژمارە بەرزەی کاریگەری هەواڵی جەواشە ئاماژەیە بەوەی کە تەحەدیەکی گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردندا جونکە بێ متمانەیی دروست دەکات بەرامبەر کاندیدەکان و پەیامەکانیان بەتایبەتی تەنها ٢٪ دان بەودا دەنێن کەهەرگیز روبەروی درۆ و جەوشەکاری نەبونەتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە بەپلان و بەرنامە دەکریت.

**گرافی ٣**

کاریگەری زانیاری ناڕاست و چەواشە لەسەر ئەنجامەکان




د. سامان فەوزی، پسپۆڕی بواری یاسا و ڕاگەیاندن، لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات، کە یەکێک لە لێکەوتەکانی زانیاری چەواشە نەمانی متمانەیە بە پرۆسەی دەنگدان و دوورکەوتنەوەی دەنگدەرە لە دەنگدان بەجۆرێک بەهۆی زانیاری ناڕاست و چەواشە و نەبوونی ڕوونکردنەوەی پێویست لەلایەن کۆمیسیۆن سەبارەت بەو زانیارییانە "خەریکە هەڵبژاردن شەرعیەت لەدەست دەدات"[٧]، بەشێکی زۆر لە حزبە سیاسییەکان تەنانەت ئەوانەشی کە کورسی زۆر دەهێنن نیشانەی پرسیاری گەورە لەسەر پرۆسەکە و کۆمیسیۆن دروست دەکەن.


ئالان نازم، ڕۆژنامەنووس، هاوڕایە و لەم بارەیەوە و دەڵێت "میدیا کاریگەری هەیە لەسەر نەچوونی هاوڵاتییان بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان"[٨]. ئەو باس لە کێشەی ڕۆژنامەنووسان دەکات لەم بارەیەوە و دەڵێت زۆرجار ئەگەر ڕۆژنامەنووس بشزانێت زانیارییەکە ناڕاستە بەڵام لێدوانی کاربەدەستێک و حزبێکە ناچارە بڵاوی بکاتەوە ئەگەرچی کاریگەری خراپیشی هەبێت لەسەر دەنگدەر. لێرەوە گرنگە پشتگیری دەزگای میدیایی ئازاد بکرێت و پەرە بەو مۆدێلەی دۆیچە ڤێلە یان بیبی سی بدرێت کە میدیای سەربەخۆن و لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دارایی دەکرێن.

### ٤. ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵی ناڕاست لە سۆشیال میدیا

هەرچەندە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا هاریکاری کاندیدەکان بووە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و کۆکردنەوەی دەنگ، بەڵام زۆرجار بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست و چەواشەکار کۆی پرۆسەکە و کاندیدەکان و لیستەکانی ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری گەورە کردووەتەوە. بەپێی ڕاپرسییەکەی دامەزراوەی ڤیژن، نیوەی کاندیدان بە ڕێژەی ٥٠٪ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە (زۆرجار) ڕووبەڕووی زانیاری ناڕاست و چەواشەکار بوونەتەوە، بەدوای ئەودا بە ڕێژەی ٣٨٪ دیاریان کردووە (هەندێکجار) ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ١٠٪ش ئەوانەن کە کەمجار ڕووبەڕووی بوونەتەوە، تەنها ٢٪ی بەربژێران (هەرگیز) ڕووبەڕووی نەبوونەتەوە. ئەم ژمارانە بەرزی ئاستی چەواشەکاری نیشان دەدات و دەبێتە تەحەدییەکی گەورە کە کاریگەری قووڵی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە، ئەم چەواشەکاریە بێ متمانەیی دروست دەکات لەناو دەنگدەراندا، ڕاستگۆیی کاندیدەکان و پەیامەکانیان دەخاتە مەترسییەوە. بەتایبەتی لەکاتێکدا تەنیا ٢٪ دەڵێن کە ڕووبەڕووی چەواشە نەبوونەتەوە، کە ئەمەش دەری دەخات ئەو چەواشەکاریانە بە بەرنامە دەکرێن و پلانی بۆ دانراوە.

**گرافی ٤**

ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵی ناڕاست لە سۆشیال میدیا




**٥. سەرچاوەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە بە گوێرەی بۆچوونی کاندیدان**

لە بەشێکی دیکەی ڕاپرسییەکەدا زۆرینە بە ڕێژەی ٣٨.٦٪ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە لەلایەن حزبی سیاسی ڕکابەر زانیاری ناڕاست و چەواشەیان لەسەر بڵاوکردونەتەوە. کەمترین بە ڕێژەی ٨٪ لەلایەن حزبەکەی خۆیانەوە ئەم کارەیان بەرامبەر کراوە. ئەم دەرئەنجامە پێمان دەڵێت زۆرینەی ئەو زانیارییە چەواشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە پارتی سیاسی ڕکابەرە و ئەمەش ستراتیژە کە دانراوە بۆ کارکردن بۆ لێدان لە ڕکابەرەکانیان، کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کاندید لە بەرنامە و پەیامی خۆی دووربکەوێتەوە و خەریکی وەڵامدانەوەی ئەو چەواشەکاریانە بێت، ئەوەشی کە لەناو خودی حزبی کاندیدەکە خۆیەوە دەکرێت هەرچەندە ڕێژەی ٨٪ دەبێت، بەڵام هێشتا دەرخەری ئەوەیە کە یەکنەگرتوویی ناو خودی حزبەکان و کێبرکێی کاندیدانی هەمان حزب کێشە دروست دەکات و کاردەکاتە سەر دەنگدەران.

## گرافی ٥

سەرچاوەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە بە گوێرەی بۆچوونی کاندیدان




سەبارەت بەسەرچاوەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، چەواشە و ئامانجەکانی زۆرینەی بەشداربووانی فۆکەس گروپەکەی دامەزراوەی ڤیژن هاوڕابوون لەسەر ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و چەواشە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و تەنانەت لە دەرەوەی کاتی بانگەشەی لیستەکان، حزبەکان و کاندیدەکانن. ئەلەند مەحوی، ڕۆژنامەنووس و جێگری بەڕێوەبەری دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەمبارەیەوە ووتی "هەموو حزبە سیاسییەکان بێ جیاوازی لەشکرێک لاپەڕەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە بۆ ئەم مەبەستە. هەر لە ئێستاوە کە هێشتا بانگەشە دەستی پێنەکردووە، لە کاندیدەکان و لیستەکان دەدرێت و ئامانجیان شکاندنیانە"[٩].

د.هەتاو ساڵح، پسپۆڕی بواری میدیا و ژنان دەڵێت "ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان خاوەنی نییە، نیەتیش نییە بۆئەوەی خاوەنی بۆ دروست بکرێت. بێگومان لە پشت هەموو هەواڵە ناڕاستەکانەوە حزبەکان ولاپەڕە خاوەن نەزانراو هەن"[١٠].

دیاری محەمەد، بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان لەو باوەڕەدایە کە بابەتەکە ڕاستییەکە و نکۆڵی لێناکرێت، هەروەها ئاماژەی بەوەدا "بەشی زۆری دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەوانەی سۆشیاڵ میدیا دەبەنبەڕێوە بە پارەی حزبەکان دەژین، کاتێک حزبێکیش پارەیەکی زەبەلاح لە میدیاکەی خەرج دەکات، ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوەیە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا خزمەت بە ئەجێنداکەی خۆی بکات. کە زۆر کات ئەوەندەی بۆ شکاندنی ڕکابەرەکانیانە هێندە ئامانجی بەدەستهێنانی دەنگ نییە"[11].

**هەر لەفۆکەس گروپی یەکەمدا سەبارەت بە شێوازەکانی زانیاری ناراست و چەواشە ئامادەبوان ئاماژەیان بە سی جۆر کرد:**

١.هەواڵی درۆ لەسەر سیستمی هەڵبژاردن.
٢.تۆمەت دروستکردنی کڕینی دەنگ.
٣.تۆمەت و ئابڕووبردنی شەخسی بۆ کاندیدەکان.

ڕەنج شوکری، لە بەشی ڕاگەیاندنی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکانی سلێمانی ووتی "لە کاتی بانگەشەدا چەندین زانیاری ناڕاست سەبارەت بە کارتی ئەلیکترۆنی، سیستمی بایۆمەتری، دانانی لینکی هەڵە، فرۆشتنی کارتی دەنگدان و ئامێری ڤێریفیکەیشن بڵاکراوەتەوە و زۆرجاریش حزبەکان ئەمەیان کردووە تەنها بۆ ڕاکێشانی دەنگدەر. هەروەها جۆرێکی تر فڕێدانی ئامار و ژمارەی ناڕاستە لەکاتی بانگەشەدا و تۆمەتی شەهادە و بڕوانامەی تەزوویرە"[١٢].


کاروان ئەنوەر، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە هاوڕابوو لەگەڵ ڕاوێژ کامەران، مامۆستای زانکۆ ووتی"ساڵ بە ساڵ تەکنیکەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشە زیاد دەکەن و زۆرجار ئەم زانیارییانە مەبەستیان بریتییە لە لێدان لە کەسایەتی و باکگراوندی خێزانیی کاندیدەکان، بەشێکیان ڕاستن بەڵام لە کاتێکی دیاریکراو و هەستیار بە مەبەست بۆ لەکەدارکردن بڵاودەکرێنەوە؛ نموونەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی کاندیدی ژن دەهێنێتەوە، کە پێی وایە هۆکاربووە بۆ دەرنەچوون و سەرنەکەوتنی لە پڕۆسەکەدا"[١٣].

### ٦.کاردانەوەی کاندیدەکان بەرامبەر چەواشە و چۆن وەڵامیان داوەتەوە

کاردانەوەی کاندیدەکان بەرامبەر زانیاری چەواشە بۆشاییەکی گەورە نیشان دەدات بەوەی دان بەکێشەکەدا نانێن و هیچ ڕێکارێک ناگرنە بەر. ستراتیژیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی درۆ و چەواشەکاری نییە یان ئامڕازیان لەبەر دەست نییە بۆ ئەو کارە، کە ئەمەش کارێک دەکات چەواشەکاران بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان و دڵنیا دەبن لەوەی هیچ ڕێکارێک بەرامبەریان ناگیرێتە بەر. بەگشتی ڕێژەی٢.٨١٪ ئەوانەن ڕێکاری یاساییان گرتۆتە بەر، کە ئەوە دەردەخات کە ئەوانی تر بڕوایان بە کاریگەری و توانای یاسا نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.

## گرافی ٦

کاردانەوەی کاندیدان بەرامبەر هەواڵی چەواشە دژیان




لەم بارەیەوە سەرکەوت محەمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، لە فۆکەس گروپەکە ووتی "تا ئێستاش سکاڵای هەڵبژاردنی ڕابردوو لە دادگا هەیە کە یەکلایی نەبۆتەوە"[١٤]، ئەمەش مانای ئەوەیە پڕۆسەی سکاڵاکردن هێندە دەخایەنێت کە کاندید بێ ئومێدە لەوەی ڕوو لە یاسا بکات. لە کاتێکدا بەرێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی، د.موحسین ئەدیب، پێی وابوو دەبێت یاسایەک هەبێت بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوون کە فلتەر هەبێت بۆ ئەو بوارە[١٥]. سەلام عومەر، ڕاهێنەری نێودەوڵەتی بواری ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە تێکەڵبوونی بابەتەکە بە ئازادی ڕادەربڕین ئەو جیاوازییەی باسکرد کە لە نێوان هاوڵاتی ئاسایی و ڕۆژنامەنووسدا هەیە کە بێگومان دەبێت ڕۆژنامەنووس پابەندی کۆمەڵێک پرەنسیپی کاری ڕۆژنامەوانی بێت و ناشکرێت لایەنە حکومییەکان فلتەرکردنی کاری ڕۆژنامەوانی بۆ تەسکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین بەکاربهێنن[١٦ا].

سەبارەت بەوانەی ڕووبەڕووی زۆرترین چەواشە دەبنەوە سەلام عومەر ووتی "ژنان، ئۆپۆزیسیۆن، کاندیدی سەربەخۆ و کەمینەکان ئەوانەن کە زۆرترین قوربانی زانیاری ناڕاست و چەواشەن و گرنگە ئەم توێژانە کاری جدییان لەسەر بکرێت و کۆمیسیۆن و خودی حزبەکان خولی تایبەتیان بۆ بکەنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ناڕاست و چەواشە و بەر لە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئامادەبن  هەروەها پەیوەندی باشیان لەگەل میدیا هەبێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە ڕاستکردنەوەی زانیاری چەواشە و ناڕاست"[١٦ب]، هەروەها گرنگە کاندید بزانێت دۆخی شلۆقی زانیاری چییە و خوێندەواری میدیایی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیارییە ناڕاستەکان.


**٧ . توانا و ئاستی چاودێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان**

لە وەڵامی ئەوەی ئاست و ئەدائی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان چۆنە لە چاودێری و وردی ئەو زانیارییانەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بڵاو دەکرێنەوە، ڕێژەی ٨٦٪ لە بەشداربووان کە ڕازی نین لە ئەدائی کۆمیسیۆن و پێیان وایە لە دۆزینەوەی زانیاری ناڕاست و چەواشەدا لاوازە، هەروەها کەمترین بە ڕێژەی ٤٪ بژاردەی زۆریان دیاریکردووە، ڕێژەی ١٠٪ پێیان وایە مامناوەندە کاردانەوە و وەڵامی کۆمیسیۆن، کە ئەمەش مەترسییە بۆسەر نەزاهەتی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەرئەنجام متمانەی هاوڵاتیان بە کۆمیسیۆن لاواز دەکات و ئەوانیش بەشێکی زۆریان دەنگدان پشتگوێ دەخەن. چونکە ڕۆڵی کۆمیسیۆن لە زامنکردنی نەزاهەتی هەڵبژاردن زۆر بنەڕەتییە و پێدەچێت کۆمیسیۆن پێویستی بە کەرەستە و ڕاهێنانی زیاتر هەبێت بۆ بەهێزکردنی ئەو لایەنە. هەروەها گرنگە ستراتیژێک دابڕێژێت بۆ چارەسەری کێشەی زانیاری چەواشەکاری لە کاتی هەڵبژاردندا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەر کۆمیسیۆن ئەو لایەنە بەهێزبکات لە دۆزینەوەی هەواڵی ناڕاست و چەواشە ئەوکات متمانەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن.

لەم بارەیەوە فاروق جەمیل، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی هەڵەبجە، کە پسپۆڕی بواری تەکنەلۆژیای نوێی میدیاییە ووتی "گرنگە کۆمیسیۆن تیمی تایبەتی لە هەموو پارێزگاکان هەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی زانیارییە ناڕاستەکان و بوونی فاکت چێکین لەناو ژووری هەواڵی دەزگا میدیاییەکان، چونکە ناتوانن سەربەخۆ بن و هەندێکیان خۆیان بەرهەمهێنەری هەواڵی چەواشەکارین و باشترە پلاتفۆڕمی سەربەخۆ بێت کە پیشەییانە کاربکات"[١٧].

هێمن جەمیل، نوێنەری دەزگای ئاسایش لە سلێمانی ووتی "داوادەکەم بەدەر لە هەڵبژاردن و کاندیدەکان و بە بەردەوامی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و میدیاکانەوە بەرنامەی تایبەت هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تاک بۆ جیاکردنەوەی زانیاری ناڕاست و ڕاست و میکانیزمەکانیان فێربکرێت[١٨].

**گرافی ٧**



**٨. ئاستی ڕێکخراویی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا**

ئایا پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ناڕاست و چەواشە؟

دۆزینەوەی ڕاپرسییەکە کە کاندیدەکان و پەرلەمانتاران بە شێوەیەکی توند دابەشبوون لەسەر ئەوەی کە ئایا پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ڕێکخراون بۆ وەڵامدانەوەی زانیاری هەڵە

٤٤ ٪ وەڵامی "بەڵێ"،

٣٤٪ "نا"

- ٢٢ ٪ "دڵنیا نەبوون"

ئەم دەرئەنجامە ڕەنگدانەوەی سروشتی ئاڵۆز و زۆرجار دژبەیەکانەی ناوەڕۆکی پلاتفۆرمەکانە کە بەهۆی ئەوەیە پلاتفۆرمەکان ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان جێبەجێ کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زانیاری هەڵە، بەڵام کاریگەری و پاڵنەرەکانی پشت ئەم کردارانە بابەتی مشتومڕێکی چڕن.

بۆ "بەڵێ":

٤٤٪ی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە پلاتفۆرمەکان ڕێکخراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری هەڵە، کە پێدەچێت لە ژێر کاریگەری ئەو ڕێوشوێنە دیار و کاریگەرانەدا بن کە جێگیرکراون لەپلاتفۆرمەکان بۆ ریپۆرتکردن و وەڵامدانەوەی زانیاریەکان. پلاتفۆرمەکان سیستەمی ئاڵۆزیان پەرەپێداوە لە هەردوو بەڕێوەبەریی مرۆیی و AI، بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی کێشەدار.

بۆ "نەخێر":

بە پێچەوانەوە ئەو ٣٤٪ەی کە پێیان وایە پلاتفۆرمەکان ڕێکخراو نین بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەرانە ، بزوێنەری سەرەکی ئەم بۆچوونە سروشتی ناتەبایی و زۆرجار کاردانەوەی مامناوەندی ناوەڕۆکەکانە لەلایەن پلاتفۆرمەکانەوە، وەک دەستەی چاودێری مێتا خۆی ئاماژەی پێکردووە، وەڵامدانەوەی قەیرانەکان دەکرێت "زۆر خاو" بێت بۆ ڕێگریکردن لە گەورەکردنی ناوەڕۆکی زیانبەخش.

جگە لەوەش، ئارگومێنتێکی بەهێز هەیە کە مۆدێلی بازرگانی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ ناوەڕۆکی بەهێزدایە و ئەمەش ناکۆکە چونکە پلاتفۆرمەکان بەهۆی زۆری بەشداریکردنەوە (SHARE)دەجووڵێنرێن، و ئەوەش ئاشکرایە کە ئەلگۆریتمەکانیان ناوەڕۆکی چەواشەکارانە گەورە دەکەن چونکە کاریگەرە لەسەر سەرنجی بەکارهێنەر. کەواتە هاندەرێکی داراییان هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە بەو ناوەڕۆکە بدەن کە زۆرترین بەشداری هەیە.

بۆ ئەو کاندید و پەرلەمانتارانەی کە بە زانیاری هەڵە کراونەتە ئامانج و چەواشەکاریەکان بەرامبەریان ڕێگەی پێدراوە بەبێ کۆنترۆڵ بڵاوببنەوە، یان بینیویانە پلاتفۆرمەکان لە کاتی ڕووداوە گرنگەکاندا شکست دەهێنن لە کاردانەوە، لەبەرئەوەیە  پێیان وایە ئەو کۆمپانیایانە جدی نین یان کاریگەر نین، ئەمەش ئەنجامێکی لۆژیکییە.


دەنگی "نادڵنیا":

٢٢٪ی بەرچاوی ئەو وەڵامانەی کە "دڵنیا نین" ڕەنگدانەوەی ئەو ناڕوونی و ئاڵۆزیەیە کە لە  سروشتی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بونی هەیە. زۆرجار پرۆسەی بڕیاردانی پلاتفۆرمەکان ناڕوونە کە بۆچی ناوەڕۆکێک لا دەبرێت لە کاتێکدا ڕێگە بە مانەوەی یەکێکی تری هاوشێوە دەدرێت.

بۆچوونی دابەشبوو لە نێوان کاندیدەکان و پەرلەمانتاران ڕەنگدانەوەی ئەوەیە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بۆ وەڵامدانەوەی زانیاری هەڵە ڕێکخراون، بە سیاسەتی دامەزراو، تیمی تایبەتمەند و ئامرازی کاریگەری سەلمێنراو، بەڵام سنووردارە لە هەمان کاتدا، بە شێوەیەک ڕێکخراو نین کە بەردەوام کاریگەر بێت، شەفاف بێت، یان دوور بێت لە کاریگەری مۆدێلی بازرگانی خۆیان کە بەهۆی زۆری بەشداریکردنەوە بەڕێوەدەبرێن.

## گرافی ٨

ئاستی ڕێکخراویی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا



## دەرئەنجام

کۆی گشتی ئەم شیکردنەوانە پێمان دەڵێت تەحەدی گەورە لەبەردەم کاندیدەکاندا هەیە لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زانیاری ناڕاست و چەواشە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا. لە ئەنجامدا پێویستە میکانیزمی چاودێری و بەشداری چاکسازی تیادابکرێت. ڕۆڵی کاریگەری کۆمیسیۆنیش و ئامادەکاری پێشوەختەی کاندیدەکان گرنگە بۆ نەزاهەتی هەڵبژاردن و متمانەی دەنگدەران. دەبێت ئەولەویەت بدرێت بە بەهێزکردنی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵی چەواشە و هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران و هاندانیان بۆ بەشداری کاریگەر لە هەڵبژاردندا.

ئەو شیکارییە چەندایەتی و چۆنایەتیانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەنجامدراون، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دیاردەی زانیاری ناڕاست و چەواشە تەحەدای وجودی بۆ نەزاهەتی پرۆسەی هەڵبژاردن دروست دەکات و تەنها کێشەیەکی میدیایی نیە.

زاڵبوونی زانیاری ناڕاست و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن ، بەرکەوتەی زانیاری ناڕاست بە ڕێژەیەکی بەرز ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بانگەشەکانی هەڵبژاردن لە ژینگەیەکی زانیاری پشێودا ئەنجام دەدرێن. ئەم زانیارییە ناڕاستە بەربڵاوە هەڕەشە لە متمانەی گشتی و تەواوی پرۆسەی دیموکراسی دەکات و دەبێتە هۆی بێباکی دەنگدەران.

بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستی ئەکتەرەکان پشتڕاستی دەکاتەوە کە زانیاری ناڕاست دیاردەیەکی هەڕەمەکی نییە بەڵکو ستراتیژێکی سیستماتیکییە کە وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ تێکدانی نەیاران بەکاردەهێنرێت. بەشداربوی فۆکەس گروپەکان بە کۆی دەنگ کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە لایەنەکان و کاندیدەکان سەرچاوەی سەرەکی زانیاری ناڕاستن، هەروەها ژمارەیەک لە پەیجەکانی ناو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لە ناوچەکەدا زۆرجار خاوەندارێتیان دیار نیە کە ئاراستە دەکرێن بۆ خزمەتکردنی ئەجێندای حزبی، ئەمەش ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان وەک پشکنەری ڕاستی بێلایەن کەمدەکاتەوە.

میکانیزمی لاوازی وەڵامدانەوە و چاودێریکردن: یەکێک لەو کەلێنە هەرە بەرچاوانەی کە توێژینەوەکە ئاشکرای کردووە، وەڵامدانەوەی لاوازی کاندیدەکانە بۆ زانیاری ناڕاست، کە پشتیان بە پشتگوێخستن بەستووە وەک میکانیزمی سەرەکی خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی ساختە. ئەم ستراتیژە، لە کاتێکدا کە ئەگەری هەیە تاکتیکێک بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە گەورەکردنی دەنگۆکان، بەڵام مەیدانەکە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەرانی زانیاریدەرانی نادروست بەردەوام بن لە کارەکانیان بەبێ کۆنترۆڵ. جگە لەوەش پشتبەستنی زۆر کەم  بە ڕێکارە یاساییەکان ڕەنگدانەوەی یان نەبوونی متمانەیە بە سیستەمی یاسایی یان نەبوونی میکانیزمی یاسایی کاریگەر و خێرا بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی زانیاری ناڕاست.

پێویستی بەپەلە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمیسیۆن هەیە کە ئەنجامەکان دەریانخستوە کە زۆرینەی ڕەهای کاندیدەکان نارازی بوون لە توانای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ چاودێریکردن و چارەسەرکردنی زانیاری ناڕاست. ئەم ڕەخنەیە بەرپرسیارێتییەکی بەرچاو دەخاتە ئەستۆی کۆمیسیۆن بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی چاودێریکردنی، چالاککردنی میکانیزمێکی خێرا و کاریگەر بۆ سکاڵاکردن، و دامەزراندنی تیمی تایبەتمەند بۆ پشکنینی ڕاستییەکان ،ئەویش بە:

یەکەم: پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی و ستراتیژی ڕوون بۆ لێپرسینەوە و چاودێریکردن.
دووەم: بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمیسیۆن وەک دەزگایەکی چاودێری بێلایەن و کاریگەر.
سێیەم: بەرزکردنەوەی خوێندەواری میدیایی لەنێوان هەردوو دەنگدەران و کاندیدەکاندا بۆ ئەوەی بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕاستی و زانیاری هەڵەدا.

## ڕاسپاردەکان

**ڕاسپاردەی گشتی بە گوێرەی لایەنەکان:**

**١. کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن:**

-دامەزراندنی یەکەیەکی ڕەسمی بۆ دۆزینەوەی هەوڵی چەواشە لەکاتی هەلمەتی هەڵبژاردن، کە ڕاپۆرتی هەفتانەی هەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ریکخراوانەی کاری پشستراستکردنەوەی زانیاریەکان دەکەن واتە فاکت چێکین .
-دانانی میکانیزمێکی خێرا بۆ شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی زانیارییە فەرمییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە کەناڵە فەرمی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
-سەپاندنی شەفافیەت بەسەر پڕۆپاگەندە سیاسییە دیجیتاڵییەکان ( زانیاری پشتگیری دارایی، کات و جوگرافیای کارکردن).

**٢.بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمپانیاکانیان:**

-هاوکاری لەگەڵ لایەنە خۆجێیەکان بۆ کاراکردنی ئامرازی گەڕان و خاوکردنەوە و سستکردنی ئەو زانیاریانەی ناڕاست و چەواشەن دروست دەکەن لە کاتە هەستیارەکاندا.
-چالاککردنی سکاڵای خێرا و ریپۆرتکردن لەسەر ئەو زانیارییە سیاسییانەی چەواشەن.

**٣. بۆ ڕاگەیاندن ڕۆژنامەگەری خۆجێی:**

-دروستکردنی تیمی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی و پێشکەشکردنی راپۆرتی بنکۆڵکاری و شیکردنەوە بۆ دەنگدەران بەوەی چی ڕاستە و چی چەواشەکارییە.
-ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانان لەسەر لێکۆڵینەوە و گەڕان بۆ ڕاستییەکان و جیاکردنەوەیان لە زانیاری هەڵە و ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ ئەوەی بزانن کام وێنە یان ڤیدیۆ بە چ تەکنەلۆژیایەک دەستکاری کراوە و چۆن کراوە و دۆزینەوەی سەرچاوەکەی فێرببن.

**٤. بۆ کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوەکان و پەروەردە:**

-کارکردن لەسەر هەڵمەتی پەروەردەی میدیایی (Media Literacy) و چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان و بینینی بەڵگەکان بەر لە بڵاوکردنەوە.
-پشتگیری کردنی ئەو پێگانەی فاکت چێکین دەکەن و دۆزینەوەی پشتگیری دارایی نێودەولەتی بۆیان تا بە سەربەخۆیی کاربکەن و دووربن لە دەستوەردان.

-ئەنجامدانی هەڵمەتی گەورەی ڕاگەیاندن سەبارەت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.
-دانان و خوێندنی مەنهەجی خوێندەواری میدیایی (Media Literacy) و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە خوێندنی سەرەتاییەوە لە پەروەردە.

**٥. لایەنی یاسایی و ڕێکخستن:**

-دارشتنی یاسای کاتی بۆ کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن ( ڕێگری کردن لە ڕیکلامی پارەدارکراوی بێسنوور لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا واتە ئەوکاتەی هەڵمەت تەواو دەبێت) لەگەڵ ئەوەی کارنەکاتە سەر ئازادی ڕۆژنامەگەری.
-دانانی میکانیزمێک بۆ لێپرسینەوە لە پەیج و ئەکاونتە بی ساحێبەکان و وەهمییەکان کە کار بۆ چەواشەکاری دەکەن بە هاوکاری کۆمپانیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**٦. بۆ لێکۆڵەران و ئەکادیمیستان و خوێندنی باڵا:**

-ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر شیکردنەوەی تۆڕەکان، بەدواداچوونی بڵاوکردنەوە، ئاستی کاریگەری بڵاوکراوەکان لەسەر ڕای دەنگدەران.
-بڵاوکردنەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و ناردنی بۆ بڕیاربەدەستان، میدیا و کۆمەڵی مەدەنی، سادەکردنەوەی بۆ هاوڵاتیان بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکان.
-گۆڕین و ئەپدەیت کردنی مەنهەجی خوێندەواری میدیایی لە زانکۆکان کە ئێستا پێویستی بە زیادکردنی کۆمەڵێک زانیاری تازەیە و گرنگە ئەپدەیت بکریتەوە.

## سەرچاوەکان


1.*Allcott, Hunt, and Matthew Gentzkow. "Social Media and Fake News in the 2016 Election." Journal of Economic Perspectives 31, no. 2 (2017): 211–236.* [https://doi.org/10.1257/jep.31.2.211](https://doi.org/10.1257/jep.31.2.211)

2.*Dadakhonov, Azamjon Oltmishevich. "Exploring International Media and Information Literacy Initiatives: Insights from DW Akademie's MIL Model." Journalism and Mass Communication 14, no. 2 (2024): 75–89.* https://www.davidpublisher.com/Public/uploads/Contribute/66456c25c288f.pdf David Publishing Company

3.*Derrida, Jacques. "Histoire du mensonge: Prolégomènes." In Cahiers de l'Herne: Jacques Derrida, edited by P. Chevallier, 35–57. Paris: Éditions de l'Herne, 1996.*

4.*DW Akademie. Media and Information Literacy: A Practical Guidebook for Trainers. 3rd ed. Bonn: Deutsche Welle Akademie, 2021.* https://static.dw.com/downloads/56736330/DWA-MIL%20Guidebook-EN-3rd_Edition.pdf DW Static+1

5.*First Draft News. First Draft News. Accessed December 2, 2025.* https://firstdraftnews.org/

6.*"Facebook Says 146 Million Americans Targeted in Russia Campaign." USA Today, November 1, 2017.* https://www.usatoday.com/story/tech/2017/11/01/facebook-says-146-million-americans-targeted-russia-campaign/821306001/

٧. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). د. سامان فەوزی، پسپۆڕی بواری یاسا و ڕاگەیاندن. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

٨. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). ئالان نازم، ڕۆژنامەنووس. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

٩. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). ئەلەند مەحوی، ڕۆژنامەنووس و جێگری بەڕێوەبەری دامەزراوەی ڤیژن. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٠. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥).د.هەتاو ساڵح، پسپۆڕی بواری میدیا و ژنان دەڵێت. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١١. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). دیاری محەمەد، بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٢. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). ڕەنج شوکری، لە بەشی ڕاگەیاندنی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکانی سلێمانی. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٣. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). کاروان ئەنوەر، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٤. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). سەرکەوت محەمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٥. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). د.موحسین ئەدیب بەریوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٦. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). سەلام عومەر، ڕاهێنەری بواری میدیایی و ڕۆژنامەنووس لە فۆکەس گروپی دووەمی ڤیژن. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٧. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). فاروق جەمیل، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی هەڵەبجە. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

١٨. کاریگەرییەکانی زانیاریی ناڕاست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن (٢٠٢٥). هێمن جەمیل لە راگەیاندنی بەریوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی . دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، رۆژنامەوان و رۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە رێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارداندا بە مەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.

- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.

- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.

- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.

- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq